# دەسەلاتدارانی کورد، لەپێشیانەوە پارتی دیمکراتی کوردستان بەرپرسیاری سەرەکین لەبەرامبەر کوشتنی دوعا وهەموو ژنانی تر لە کوردستاندا

**سەوسەن سەلیم**

**sawsansalim@yahoo.com**



(دوعا خلیل کچولە کوردی یەزیدی حەفدەسالە رۆژی 7-4-2007 تەنها لەبەر ئەوەی دلی بەکورێکی عەرەب زمانی ئیسلامییەوە بوە لەترسی ئەوەی نەکوژریت هەلدی بۆ مالی خۆشەویستەکەی.. بەلام ئەم کیژە لەلایەن ئاسایشی هەردوو دەسەلاتی پارتی و حکومەتی عیراقدا پەلکیش ئەکری و تەسلیمی کەس وکاری دەکریتەوە لەکاتێك دا سور ئەزانن کە کەس وکاری دوعا شایی و لۆغانیان بۆ مەرگی دوعا گرتوە بەدەیان پیاوی مێشك شۆراوە بەدابونەریتی عشایری کۆنەپەرستی دینی بە بلۆك و خرکەبەردەوە لەوی ئامادەن هەربەبینی دوعای ناسکۆلە دەکەونەپەلکیشانی و بەشەق ومستەکۆلەو جنێودان دەیخەنە ئەرزو دوای بە خرکە بەرددەکەونە گیانی بەبلۆك سەری دەتەقێنن... رووداوێکی ئاوا کە بە پاسەوانی پۆلیس و چەکدارەکانی دەسەلاتی دوای "جەنگی ئازادسازی و"دیموکراسی عیراقی" بەرێوە دەچێت نیشانەیەك لەنەزم ونیزامی بەربەریەت و ئینسان کوژی دەخاتە پێشچاو کەتێدا ناسیونالیزمی کورد و حاکمانی ئێستای بەشی سەرەکین تیایدا. ئەمە پەڵە رەشەکانی نێو چاوانی ئەو دەسەلات ونەزمەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد بۆژنانی کوردستانیان بەرهەم هێناوە, کەتیدا پیاوانێك و پۆلیس و یاسا و فەرهەنگێك دەبینرێ کە دەمارگیری پیاوسالاری و ناموس پەرستی و کۆنەپەرستی دینی تاسەرئیسقانی رۆیشتوە.

ئەمانە کە شانزە سالە لەکوردستان حاکمیەت دەکەن، کوشتنی ژنانیان کردۆتە مۆدێك. تائێستا هەزارن کارەساتی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف و ناموس بەرێوەچووە، جگەلەمەش ژنان ئەتك کراون یان ئجبار بەخۆکوژی دەکرێن، ئەمە ویرای فرە ژنی و گەورەبەپچوك و مارەبرینی سەرپێشکەو خەتەنەکردنی کچان حجابی بەزۆر ورێگرتن لە هەموو ئازادیەکانی ژنان ودەیان دیاردەی دژە ژنی تر بۆنەتە ناسنامەی ئەم دەسەلاتە.

ئەم دەسەلاتە میرات گری صدامی فاشیستە کەکوشتنی ناموسی یاسایی کردا! و ئەمرۆش وەك خەریکە وەك دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیران بەچاودیری پیاوانی ئاسایش وپۆلیس ژنان بەردەباران دەکرێ..

بەم دوایانەش لەژێر سیبەری دەستوری تازەی عیراقدا رەشنوسێکی دەستورتان بۆ"هەریمی کوردستان" پیشنیازکردەوە، کە لەناوەرۆکدا حوکمی ئیسلامی بەسەر ژناندا دادەسەپینی. لەمانەش خراپتر ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی کە شانزە سالە باس لە سەروەری یاساو پێوەرە یمکراتیەکان دەکات، شانزە سالە باس لە کوردستانی بەناو ئازادو دیمکرات دەکات، باس لە حکومەتی موئەسەسات ویاسا دەکات، گوایە لە سایەی دەسەلاتیکی ئاوادا مافی تاك ودادوەری بۆهەموان وەك یەك دەبێت! ئەم دەسەلاتە کە شانزە سالە باس لە پیرۆزی ئافرەتان دەکات و دەلێت ژنان دایکی چەنگاوەرەکانمان وەخوشکی دلسۆزن قوربانی زوریان داوەو دەبی رێزیان لێبگیریت و پاداشتیان بدریتەوە. بەلام کارەساتی "دوعا" چی؟ ئایا بەردەبارنکردنی ژنان مانایەك بۆئەم میژووەو ئەم ئیدعایانەی دەهێلیتەوە!

راستیەیکەی ئەوەیە کەبەردەبارنکردنی ژنان لەدرێژەی هەمان ئەو رەشەکوژیەدایە کە ژنان وسەرتاپای کۆمەلگای کوردستان تاماوی تال و تیراژیدیەکەی دەچیژن. ئەمە لەدریژەی کارەساتەکانی لوتبرین و هەلواسین و زیندانکردنی ژنان لەنێو حەمام و ژوورەتاریکەکاندایە. ئەمە ترازیدیایەکی ترە لەرووداوەکانی خوسووتاندن و خنکاندنی ژنان کە رووژانە ئامارەکانی بەرەوسەرەوە دەروات. وەلەم بارەشەوە ئەوە دەسەلاتی کوردی و حیزبەکانیەتی کە بەرپرسیارێتیان لەئەستۆیەو دەبی لەلایەن ژنان و خەلکی ئازادیخوازی کوردستانەوە یەخەی بگیریت.

- دەبی ئەم دەسەلاتەو حاکمانی ناچار وبەرپرسیاربکرین بە دۆزینەوە و دەستگیرکردن و دادگایی کردنی ئاشکرای تاوانبارانی ئەم کارەساتە. تا هەموو خەلکی کوردستان و دنیا بی بینن و ولێئاگاداربن وببێتە دەرس بۆ هەموو ئەوانەی بەبیانوی مەسەلەی دین

ورەگەزو تایفەگەریەو ناموسەوە ئەم تاوانانەدەکەن. هاوکات هیچ جۆرە جیاکاریەك لەپەیرەوی کردنی یاسادا بۆهیچ کەس رەچاونەکری و رێگانەدری بەتاوانباران بەبەهانەی پێوانەی فەرهەنگی و ئاینی و عەشایرەی وحیزبایەتی لەسزای تاوانەکانیان دەربازبکرێن.

- دەبی ماف و ئازادیەکانی ژنان بەپێوانەی جیهانی بۆهەموو ژنانی کوردستان بەرەسمیەت بناسری و هەرجۆرە یاساو بریارێك کە توندوتیژی ژنان ئاراستەدەکات هەلوەشنریتەوە.
- دەبی دەستوری پێشنیاری "هەریمی کوردستان" کەلەسەر بناغەی ئیسلام و کۆنەپەرستی نەتەوەیی و رەگەزی دامەزراوە، رەتکریتەوە و لەجێگایدا دەستورێکی سکولار و پێشرەو لەسەر بناغەی ئەوپەری ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکان پێشنیاربکرێ.
- نابی کۆمەلگای کوردستان بەقازانجی ئەحزابی دەسەلاتدار و بەرژەوەندیەکانیان بخرێتە کایەی شەری تایەفەگرەی و ئاینی وقەمی ئێستای عیراقەوە، دەبی کوردستان جیاببێتەوەو دەولەت و دەسەلاتێکی سکولاری نەقەومی ونەئاینی لەجێگەی دامەزری..

بەپیچەوانەی ئەمانەوە حوکمی ئیمە ژنان و خەلکی نارازی کوردستان رووبەرووتانە. درەنگ یازوو کاری خۆی لەگەل میژووی رابردوو ودەسەلاتی ئیستاتان یەکلادەکاتەوە.

سەوسەن سەلیم

2007-04-30